# خاڵە هاوبەشەکانی نێوان جوولەکە و شیعە

< کوردی >

## هێمن عەبدولعەزیز

پێداچونەوەی: عبد الله سابیر گەرمیانی

# النقاط المشتركة بين اليهود والشيعة

< كردي >

هيمن عبد العزيز

مراجعة: عبد الله سابير كرمياني

# خاڵە هاوبەشەکانی نێوان جوولەکە و شیعە

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا بەناوی (منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية) لە بەرگی یەکەم کۆمەڵێك خاڵی لێکچووی جوانی لەبارەی ئەم دووتاقمەوە دەستنیشان کردووەو هاوکێشەیەکی زۆر جوانی لەبارەی خاڵە لێکچووەکانی جوولەکەو شیعەرافیزییەکان خستۆتە ڕوو، باسی کردووە کە چۆن وەك یەك شوێن حەزو ئارەزووەکان کەوتوون و چەندە پیس و گێلهەڵوێستن. پاشان هەڵساوە نێوان گاورەکان و ئەوانی هەڵسەنگاندووە کە چۆن لەڕووی زێدەڕەوی و جەهل و دەبەنگیانەوە لەیەك نزیك بوونە.

یەکەم کەس کە هات شیکاری بۆکردن و بە ئەهلی ئیسلامی ناساندن، "شوعبی" و غەیرەز ئەو لە زانایانی کووفە بوو، هەروەك "شوعبی" ڕایدەگەیەنێ دەڵێت: نەمبینیوە گەمژەتر لە خەشەبییەکان(١) خۆ ئەگەر باڵندە بوونایە ئەوە ئەبوون بە (ڕەخەم) کە باڵندەیەکی دڕندەی گۆشتخۆرن، وە ئەگەر ئاژەڵ بوونایە ئەوە ئەبوون بە گویدرێژ! بەوخوایە ئەگەر پێیان بڵێیت: پڕ لەو دۆڵە زێڕم پێ بدەن بەس بۆ ئەوە درۆ لەبەرژەوەندی "عەلی" بکەم ئەوە پێیان ئەدام!! بەوخوا قەتیش درۆ بۆ "عەلی" ناکەم.

هەروەك "ئەبووحەفسی کوڕی شاهین" لە کتێبی (اللطيف في السنة) دەڵێت: "موحەممەدی کوڕی ئەبی قاسمی کوڕی ئیبراهیم" دەڵێت: "ئەحمەدی کوڕی وەلیدی واسیتی"، ئەویش لە "جەعفەری کوڕی نەسیری تووسی واسیتی" ئەوبش لە "عەبدولڕەحمانی کوڕی مالیکی کوڕی میغوەل" ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: "شوعبی" پێی گوتم: ئاگادارتان دەکەمەوە لەو حەزە گومڕاکەرە، کە خرابترینیان خراپەی ڕافیزەکانە، ئەوان لە خۆشی یان لە ترسان نەهاتوونەتە ناو ئیسلام، بەڵکووو هاتوون لەبەر ڕقئەستووریان بەرامبەر بە ئیسلام، "عەلی" کاتی خۆی زۆری لێ سووتاندن و زۆریشی لێ شار بەدەرکردن بۆ ولێتان. لەوانە "ئیبنوسەبەئی یەهوودی" کە لە جووەکانی (سەنعا) بوو، دووری خستەوە بۆ (ساباگ) هەروەها "عەبدوڵڵێی کوڕی یەسار"ی دوورخستەوە بۆ (خازەر). وە "ئەبووبەکر کەرووش"ی دوورخستەوە بۆ (جابیە)، وەهێندێکی لێ سووتاندن، چونکە دەیانگوت: «يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْتَ هُوَ؟» یانی ئەی پێشەوای بڕواداران تۆ هەر ئەویت؟!! "عەلی"یش فەرمووی: من کێم؟! گوتیان: «أَنْتَ رَبُّنَا أَنْتَ رَبُّنَا» تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت!!! "عەلی" پێی گوتن: بگەڕێنەوە تۆبە بکەن، ئەوانیش سووربوون لەسەر قسەکەیان، "عەلی کوڕی ئەبووتالیب"یش (خوا لێی ڕازی بێت) سەری هەمووانی پەڕاند و پاشان فەرمووی: « يَا قَنْبَرُ ائْتِنِي بِحُزَمِ الْحَطَبِ فَأَحْرَقَهُمْ بِالنَّارِ» بانگی "قەنبەر"ی کردو گوتی: ئەی "قەنبەر" هەندێ دارم بۆ کۆ بکەوە، پاشان هەرهەمووانی سووتاند!! ئینجا فەرمووی:

إِنِّي لَمَّا رَأَيْتُ الأَمْرَ أَمْرًا مُنْكَرَا أَوْقَدْتُ نَارِي وَدَعَوْتُ قَنْبَرَا

کاتێ کارێکی نابووت و ناشیاوم بینی، ئاگرم هەڵگیرساندو قەنبەرم بانگ کرد (٢)

دێینەوە سەر قسەکانی "شێخولئیسلام"، (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، بەراستی ئەو هاوکێشەیەکی زۆر جوانی لەبارەی خاڵە لێکچووەکانی جوولەکەو شیعەرافیزییەکان کردووە. دەڵێت: جوانترین وەسف و پێناسە بۆ شیعەگەرێتی ئەوەیە بگوترێت: شیعەگەرێتی تۆوێکی نەسرانییەتە کە جووەکان لەخاکی ئاگرپەرستاندا ڕواندوویەتی!

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە دامەزرێنەری شیعەگریێتیی هەروەك شیعەکان دانی پیا دەهێنن بریتییە لە "عەبدوڵڵێی کوڕی سەبەئی یەهوودی" کە ناوی "عەلی کوڕی ئەبووتاڵیب" (خوا لێی ڕازی بێت) بەکارهێنا بۆ تەحریفکردن و شێواندنی ئیسلام، هەروەك "بۆلس"ی جوولەکە کەسایەتی مەسیحی بەرزکردەوە بۆ تەحریفکردنی مەسیحییەت. دیارە شیعەو تاقمی "ئیبنو سەبەئی جوولەکە"ش پێکهاتبوون لە فارسە مەجووسییەکان، ئەوانەی ڕقیان لە ئیسلام مسوڵمانان گرت لەتۆڵەی تێکچوون و لەبنهێنانی دەوڵەتەکەیان.

## ---------- خاڵە لێکچووەکانی شیعە رافیزییەکان و جوولەکەکان ---------

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية) کۆمەڵێك خاڵی لێکچووی جوانی لەبارەی ئەم دووتاقمەوە دەستنیشان کردووە، لەوانە دەڵێت:

(١) جوولەکەکان دەڵێن: پادشایەتی بۆکەس شیاو نییە تەنها بۆ (ئالی داوود) نەبێت، رافیزەکانیش دەڵێن: ویلایەت بۆ کەس درووست نییە تەنها بۆ کوڕانی (عەلی) نەبێت.

(٢) جوولەکەکان دەڵێن: هیچ جیهادێك لەڕێگای خوا لەئارادا نییە تا (مەسیحی دەججال) دەرنەکەوێ و شمشێر بەرزنەکاتەوە. رافیزەکانیش دەڵێن: هیچ جیهادێك لە ڕێگای خوا لە ئارادا نییە تاکوو (مەهدی) دەرنەکەوێ و لەئاسمانەوە بانگی جیهاد نەکات. (شێخولئیسلام) دەڵێت: ئێمە لە پێشەوە ئەوەمان ڕوونکردەوە کە ئەو (مەهدی)یەی رافیزەکانی چاوەڕوانی دەکەن هەر ئەو مەسیحە یەکچاوەیە کە پێی دەڵێن: دەججال!

(٣) جوولەکەکان ئێوارە (مغرب) دوا ئەخەن تا ئەوکاتەی ئەستێرە لە ئاسمان دەردەکەوێ، ڕافیزەکانیش نوێژی ئێوارە دوا دەخەن تا ئەوەدەمەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەردەکەون، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {لَا تَزَالُ أُمَّتِي عَلَى الْفِطْرَةِ مَا لَمْ يُؤَخِّرُوا الْمَغْرِبَ حَتَّى تَشْتَبِكَ النُّجُومُ} (٣) واتە: هێشتا ئوممەتی من لە خێردان، مادام ئێوارە تاخیر ناکەن بۆ ئەوکاتەی کە ئەستێرەکان لە ئاسمان دەردەکەون.

(٤) جوولەکەکان تەوراتیان تەحریف کرد، رافیزەکانیش تەحریفی قورئانیان کرد.

(٥) جوولەکەکان بەدەستی خۆیان دەقەکان دەنووسنەوە پاشان دەڵێن: ئەمە لای خواوە هاتووە، وەلێ رافیزەکان بەدەستی خۆیان دەیان دەقیان بەدرۆ نووسیوە پاشان دەڵێن: ئەوە قسەو فەرمایشتی خوایە، کە تێیدا تۆمەت بەپێغەمبەر و ئالوبەیتی هەڵدەبەستن. بۆیە هەر ئەوان بەشی زۆریان لەفەرموودە هەڵبەستراوەکان بەرکەوتووە! وەك هەندێ لە زانایانیان لەوانە "تەبرەسی" دەڵێت: چەندین ئایەت لە قورئاندا هاتوون زۆر بێماناو سەخیفن!! ئەوەتا "مەوسیق" و "مەجلیسی" لەبارەی ئایەتی (کورسی) دەڵێن: ڕاستی ئایەتەکە بەم شێوەیە نەك ئەوەی کە لەقوراندا هاتووە دەڵێن: ﴿اللَّهُ

لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ [البقرة: ٢٥٥ ] ( ٤ ).

(٦) جوولەکەکان پێیان وایە کە مەسح لەسەر (خوف و گۆرەوی) درووست نییە، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە، قەت مەسح لەسەر گۆرەوی یان (خوف) ناکەن، چونکە پێیان درووست نییە، بەڵێم مەسح لەسەر پێستەکەی دەکەن!! (هەر بۆزانیاری جوولەکەکانیش هەروەکوو رافیزەکان دەستنوێژ دەگرن!!)

(٧) جوولەکەکان رقیان لە "جوبریل"ە و دەڵێن: یەکێکە لەدوژمنەکانمان، رافیزە غەرائیبییەکانیش دەڵێن: "جوبریل" خیانەتی کرد لەوە کە پەیامی بۆ موحەممەد هێناو نەیدا بە عەلی!! غەرائیبییەکان دەڵێن: "جوبریل" خیانەتی کرد لەوەحی، کە بۆ موحەممەدی هێنا، بەڵکوو عەلی شیاوتربوو کە ئەم پەیامەی پێ بدرێت!! بۆیە لەکۆڕە شینگێرییەکانیاندا دەڵێن: (خان الٔمین و یٔدها عن حیدری) جوبریل خیانەتی کرد و پەرچی خستە بەردەم عەلی. ئەمە لەکاتێکدایە کە خوا بەگەورەیی خۆی شایەتی پاکی "جوبریل" ئەدات و دەفەرموێ: ﴿نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ﴾ [الشعراء: ١٩٣]. واتە: جوبرەئیلی دەستپاك و ئەمین هێنایە خوارێ. یاخود ﴿مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ﴾ [التكوير: ٢١]. واتە: لەوێش (لەئاسماندا) فەرمانڕەواو قسە بیسراوە، ئەمین و دەست پاکە لەو سروشەدا دەیهێنێ، هیچ خیانەتی تێدا ناکا.

(٨) جووەکان پێیان وانییە کە دوورکەوتنەوە لە چێژوەرگرتن لە کەنیزەك درووست بێت، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە.

(٩) جووەکان خواردنی (جەری) و (مەرماهی)یان پێدرووست نییە، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە!

(جەری: جۆرێکە لە ماسی) کە رافیزەکان پێیان وایە کاتی خۆی کەنیزەك بووە بۆتە ماسی، هەروەها (مەرماهی) جۆرێکی تری ماسییە وەکو مار وایە.

(١٠) جووەکان کەروێشك و سپڵ ناخۆن، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە.

(١١) جووەکان تۆمەتی داوێنپیسییان دایە پاڵ "مەریەم"ی داوێنپاك، لەکاتێکدا کە خوا بە داوێنپیاکی پێناسە دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ ﴾[آل عمران: ٤٢]. واتە: (هەروەها یادیان بهێنە کاتێك) جبرئیلی فریشتە گوتی: ئەی "مەریەم" بەڕاستی خوا تۆی هەڵبژاردوە و خاوێن و پاکیزەی کردویت، هەڵی بژاردویت و ڕێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا. رافیزەکانیش تۆمەتی داوێنپیسییان دایە پاڵ خاتوو "عائیشە"ی داوێنپاکی خێزانی پێغەمبەری خوا و دایکی بڕواداران. بۆیە ئیمام مالیك هەر لەبەر ئەوە "ئیمام" مالیك تەکفیری رافیزییەکانی کرد. خوای گەورە لەبارەی پاکیزەیی "عائیشە" فەرمووی: إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ (النور: ١١). واتە: بێگومان کەسانێ کە ئەو بوهتانەیان (بۆ عایشەی خێزانی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەڵبەست دەستەیە بوون لە خۆتان (با مونافیقیشیان تیا بوو) وا مەزانن ئەو (بوهتانە) شەڕ و خراپە بۆتان (وانییە) بەڵکوو خێرو چاکەیە بۆتان بۆ هەریەك لەوانە هەیە لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) وە ئەو کەسەیان کە بەشی گەورەی بوختانەکەی گرتە ئەستۆ (کە عەبدوڵلا ی کوڕی ئوبەی بوو) (لە ڕۆژی دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە.

بەم شێوە شیعە تۆمەتی دامێنپیسی ئەدەنە پاڵ "عائیشە"ی دایکمان لەکاتێکدا کە خوا لەژوور حەفت ئاسمانەوە پاکێتی ئەوی دەرخستووە.

(١٢) جووەکان دەڵێن: (دینا)ی کچی "یەعقووب" بۆ سەردانیکردنی چەند هاوڕێیەکی دەچێتە دەر، پیاوێکی تووش دێت بەناوی (شەکیم بن حموود) و لاقەی دەکات و دەیکات بەژن!! رافیزەکانیش دەڵێن: "عومەر" لاقەی کچی "عەلی کوڕی ئەبووتالێب "ی کردووە و کردووتی بەژن!!

(١٣) خوای گەورە جووەکانی گێڕا بە مەیموون و بەراز، هەروەك دەگێڕنەوە کە هێندێ لە رافیزەکان لە (مەدینەی منەوەرە) لەکاتی مردنیان شێوەیان وەك مەیموون و بەراز لێهاتووە!! (اللە اعلم).

(١٤) جووەکان نوێژ ناکەن بەتەنها نەبێت، هەروەك رافیزەکانیش پێیان وایە کە نوێژی بەکۆمەڵ پێویست نییە تا هاتنی مەهدی.

(١٥) رافیزەکان وێڕای خێزانەکانیان لەگەڵ ئامۆژنی یان پووری خێزانەکانیان کۆدەبنەوە، یانی هەردووك لەیەك کاتدا ببن بە ژنیان. جوولەکەکانیش لەگەڵ دووخوشك کۆ ئەبنەوە، یانی لەیەك کاتدا دووخوشك هاوسەریان بێت.

(١٦) جووەکان لەبەر زۆر دژایەتیکردنی مسوڵمانان خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین و دەفەرموێت: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ [المائدة: ٨٢]. بێگومان جووەکان و شەریك دانەران لە دوژمنایەتی لەگەڵ بڕوادارن سەرەسەختترن. رافیزەکانیش چەندە جووەکان ڕقیان لە مسوڵمانانە دە ئەوەندە ڕقیان لە ئەهلی سوننەت و جەماعەتە. بە پیسیان تەماشا دەکەن!! وە پێیان وایە کە ئەهلی سوننەت هەموویان دەچنە ئاگرەوە، جووەکانیش پێیان وایە کە تەنها جووەکان یان گاورەکان دەچنە بەهەشتەوە وەك خوای گەورە باسیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ كَانَ هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ﴾ [البقرة: ١١١]. واتە: جوولەکەو گاورەکان وتیان: کەس ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر یەکێك کە جوولەکە یا گاوور بێت.

(١٧) جووەکان بۆ نوسرەت و سەرخستنی "مووسا" خۆیان خستە دواوەو گوتیان ﴿فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ [المائدة: ٢٤].واتە: برۆ (مووسا) خۆت و پەروەرگارت لەدژیان جەنگ بکەن بێگومان ئێمە لێرە دانیشتووین. رافیزەکانیش بەهەمان شێوە بۆ سەرخستنی پێشەواکانیان خۆیان خستە دواوە، هەروەك لەگەڵ عەلی و حوسێن و زەید کردیان (خوا لێیان ڕازی بێت). سەدان هەزار کەس بەیعەتیان دابوو بە "حوسێن" کە بێت بۆ کەربەلا، کە هاتیش کەس نەبوون بە برای "حوسێن"، هەر خۆشیان "حوسێن"یان کوشت!!!

(١٨) جووەکان و رافیزەکان نە لەخۆشەویستیان نە لەڕقگرتنیان دادگەر نین، بەڵکوو هەردوولا زێدەڕەون لە زوڵم ستەمیان. دەبینین کە جووەکان هێندە زێدەڕەوی لەهەمبەر هەندێ لە پێغەمبەران و ئەحبارەکانیان دەکەن تا دەیانهێننە ڕێزی خوا! وەك گوتیان "عوزێر"کوڕی خوایە! کەچی هێندێ لە پێغەمبەرانی تریان بە پیس و گڵێو سەیر دەکەن، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە، دەبینین چەندە زێدەڕەوی لە "عەلی" دا دەکەن، هەتا هێندێ لە تاقمە شیعییەکان پێیان وایە کە خوا خۆی لە جەستەی عەلیدا تواندۆتەوە!! کەچی تەواوی هاوەڵێنی تر لە ئیسلام دەەبنە دەرەوەو نەفرەتیان لێ دەکەن..!! هەمان ڕەوشت و ئاکاری جوولەکەکانیان لەخۆدا هێناوەتە بوون.

(١٩) جووەکان تووشی ریسوایی و سەرگەردانی هاتن و و خوا خستنیە ژێر ڕق و تورەیی خۆیەوە، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە، خوا خستنیە ژێر نیقمەت و غەزەبی خۆیەوە، وەك دەبینین کە چۆن تووشی توقییەو درۆو نیفاق هاتوون، ئەویش لەبەر ئەو ترس و زیللەتەکەی کە خوا هێناویەتی بەسەریان، ناوێرن قەت ڕاستی بڵێن لە بەر ترسنۆکیان. هەتا هێندێك ئەڵێن ئەو لەخۆدان و شین و شەپۆڕەی کە دەیگێڕن و بەکوتك و ئاسن و بەچەقۆ و شمشێر لەخۆیان دەوەشێنن، ئەمە جۆرێکە لەو نەفرەت و زیللەتەی کە خوا هێناویەتی بەسەریان.

(٢٠) جووەکان وەك گاورەکان بانگخوازیان نییە، دەبینیت گاورەکان بەهەموو دونیا بانگخوازو بەناو موژدەدەر (مبشرین)یان هەیە، بە پێچەوانەی مسوڵمانان کە پێیان وایە بانگەواز واجیبە، بەلێم جووەکان پێیان واجب نییە، لێرەشەوە رافیزەکان هەروەك جووەکان وان، بانگەوازی خۆیان ئەشارنەوەو بەئاشکرا بانگەواز ناکەن، هەروەك "کولەینی" کە ئەوان بە "بوخاری" خۆیان سەیری دەکەن، بە "سولەیمانی کوری خالید" دەڵێت: ئەی "سولەیمان" ئێوە لەسەر دینێکن هەرکەس بیشارێتەوە، ئەوە خوا عەزیزی دەکات، ئەوەیش بلێوی بکاتەوە ئەوە خوا زەلیلی دەکات( ٥ )

(٢١) جووەکان زۆر کەمیان لێ ئەبن بە مسوڵمان، لەسەردەمی پێغەمبەر "عەبدوڵڵێی کوڕی سەلام" و "سەفییە" بوون بە مسوڵمان. (خوا لێیان ڕازی بێت)، وەك خواباسی جووەکان دەکات دەفەرموێت: ﴿مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانْظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِنْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾[النساء: ٤٦]. واتە: هەندێك لە جوولەکەکان فەرموودەکانی خوا دەگۆڕن لە شوێن و مەبەستی خۆی وە دەڵێن: بیستمان و سەرپێچیمان کرد!! گوێ بگرە قەت گوێت لێ نەبێ!! وە دەڵێن (راعنا) چاك گوێمان بۆ بگرە (بەلاَم بەزمانی جوولەکە واتە تۆ خراپترینمانی ئەوان ئەم مانایان مەبەست بوو) دەمیان لار دەکردەوە (بۆ ئەوەی مەبەستە خراپەکە بگەیەنێت) وە بۆ تانەو تەشەردان لە ئایینی (ئیسلام) وە ئەگەر ئەوان بیان وتایە بیستمان و گوێڕایەڵین و(قسەمان) ببیستەو پەلەمان لێ مەکە ئەوە چاکترو ڕاست تربوو بۆیان، بەلاَم خوا نەفرینی لێ کردن بەهۆی بێ باوەڕییەکەیانەوە بۆیە بڕوا ناهێنن کەمێکیان نەبێ. شیعەکانیش زۆر بەکەمی لێیان ئەبن بە مسوڵمان، بەناوبانگترینیان کە بۆتە مسوڵمان (آية الله البرقعي) و (کیسرەوی) و (مووسەوی).

(٢٢) جوولەکەکان کەمێ لە قیبلەی خۆیان ئەترازێن، رافیزەکانیش قەت بەڕاست و درووست ڕوو لە قیبلە ناکەن لە نوێژدا.

(٢٣) جوولەکەکان پێیان وانییە کە ئافرەت عیددەی هەبێت، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە.

(٢٤) جوولەکەکان بەوشەی ڕاستەقینەی سەلام لە بڕواداران ناکەن بەڵکوو دەڵێن: (السام عليكم)، رافیزەکانیش بەرامبەر بە ئەهلی سوننە هەر ئەڵێن (السام عليكم).

(٢٥) جوولەکەکان تەواوی ماڵی خەڵك بە حەلالی خۆیان دەزانن، رافیزەکانیش لەڕێی خومسەوە ماڵی خەڵك بە حەلێلی خۆیان دەزانن.

(٢٦) جوولەکەکان سوژدە لەسەر شاخ (قۆچ)ەکانیان دەبەن (وەك دەبینین پارچە بەردێك ئەخەنە نێوچەوانیانەوە و سوژدەی پێ ئەبەن)، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە سوژدە لەسەر خۆڵی کەربەلا (تربة كربلاء) دەبەن!

(٢٧) جوولەکەکان لە نوێژەکانیان (ئامین)یان نییە، بۆیە حەسادەتیان بە ئەهلی ئیسلام دەبرد، کە لەدوای ئیمامەکانەوە وشەی ئامینیان دەگوتەوە، رافیزەکانیش پێیان درووست نییە کە لەدوای ئیمام ئامین بڵێن: چونکە پێیان وایە بەمە نوێژەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە.

(٢٨) جوولەکەکان گۆشتی وشتر ناخۆن، رافیزەکان بەهەمان شێوە نایخۆن.

(٢٩) جوولەکەکان (لەحد) بۆ گۆڕی مردووەکانیان درووست ناکەن. رافیزەکانیش بەهەمان شێوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «اللّحْدُ لَنَا وَالشّقّ لِغَيْرِنَا» (٦) واتە: کەڵێن بۆ ئێمەیەو شەقکردنیش بۆ غەیری ئێمەیە. کەڵێن (اللحد) ئەو چاڵەیە کە دوای هەڵکەندنی گۆڕ لە لای ڕاستی گۆڕەکە چاڵێکی تر لێ ئەدرێت و مردووەکەی دەخرێتە ناوەوە. بەلێم شەقکردن مەبەستی لەو چاڵەیە کە لەنێو گۆڕەکەو لەناوەڕاستی گۆڕێکی بچووکتر هەڵدەکەنرێت.

(٣٠) جوولەکەکان گۆڕپەرستن و لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانیان مزگەوت درووست دەکەن، بۆیە پێغەمبەری خوا نەفرەتی لێکردن، وەك فەرمووی: {لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالنّصَارَى، اتّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ} (٧) واتە: نەفرەتی خوا لە جوولەکەو دیانەکان بێت، کە گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان کرد بە مزگەوت. رافیزەکانیش بەهەمانشێوە گۆڕپەرستن و بەدەوری گۆڕەکانیان دەسووڕێنەوە و بەپیرۆزیان دەگێڕن، وەك چوونیان بۆ سەر گۆڕی "مووسا کازم" و غەیرەز ئەو لە پێشەوایانی لە دوزادەی ئیمامی.

(٣١) جوولەکەکان نوێژەکانیان کۆ دەکەنەوە، رافیزەکانیش بەهەمان شێوە نوێژەکانی نێوەڕۆو عەسر و ئێوارەو عیشا کۆدەکەنەوە.

(٣٢) جوولەکەکان هیچ سەنەدێکی سەحیح یان لاوازیان نییە لە دینەکەیان. رافیزەکانیش تەواوی فەرموودە سەحیحەکان بە درۆ دەخەنەوەو تۆمەت و درۆیان ئەدەنە پاڵ.

(٣٣) جوولەکەکان هێشتا لە نوێژن بەبێ سەلامدانەوەی راستەقینە لە نوێژەکانیان دەردەچن، رافیزەکانیش لەجێی سەلامی دەرچوون لەنوێژ تەنها دەستەکانیان بەرز دەکەنەوەو دەیدەنەوە بە ئەژنۆکانیان، بە وشەی (اللە اکبر) بەبێ سەلامدانەوە لە نوێژەکانیان دەردەچن، خوای گەورەش وەك بڵێیت: هەر باسی ئەو رافیزانە دەکات کە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النّصَارَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ وَقَالَتِ النّصَارَىٰ لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ الّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَاللّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾[البقرة: ١١٣]. واتە: جولەکە دەڵێن: گاورەکان لەسەر هیچ بنەماو ڕاستییەك نین، گاورەکانیش دەڵێن جوولەکە لەسەر هیچ بنەماو ڕاستییەك نین، لە کاتێکدا ئەوانە کتێبی (تەورات و ئینجیلیش دەخوێننەوە) هەروەها ئەوانەش کە هیچ نازانن (لە بتپەرستانی عەرەب) هەروا دەڵێن (بڕوایان بەئایینی ئیسلام و ئەوانەش نیە) خوایش لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایی نێوانیان دەکات لەوەی کە ناکۆکن تیایدا.

جا کێ دەڵێ لەم ئایەتە (بتپەرستەکان) مەبەستی پێ هەر لەو رافیزە مەرفووزانە نییە کە کەوتوونەتە بەری جوولەکەو دیانەکانەوە!!!

(٣٤) جولەکەکان پێیان وایە کە ئەگەر مەسیحی چاوەڕوانکراو هات، ئەوە هەموو جوولەکە پەرتەوازەبووەکان کۆ ئەکاتەوە لە قودس. رافیزەکانیش پێیان وایە ئەگەر مەهدی چاوەڕوانکراو هات ئەوە هەموو شیعە پەرتەوازەبووەکان لە کووفە کۆدەکاتەوە.

ئەوەی زۆر جێی سەیر و تێڕامانە ئەوەیە کە جوولەکەکان لەهەموو شوێنێکی دونیا هەر لەکەمی ئەدەن، تەنها لە ئێران نەبێت، کە ئێستا ژمارەیان گەیشتووە بە (۳۸۰۰۰۰) جوولەکە، هەر لەو جوولەکانە ۷۰ هەزاریان شوێن دەججال دەکەون، بۆیە هیچ گومان و گرێوگۆڵەیەکتان نەبێت کە ئەگەر جوولەکەکانی (ئەسفەهان) گەیشتن بەو ژمارەیە، ئەوە نیشانەی دەرکەوتنی دەججال دەبێت (واللە اعلم)، ئەمەش فەرمایشتی پێغەمبەرە "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەروەك "ئەنەس" بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «يَتْبَعُ الدَّجَّالَ سَبْعُونَ أَلْفًا مِنْ يَهُودِ أَصْبَهَانَ، عَلَيْهِمُ الطَّيَالِسَةُ» ( ۸ ) واتە: حەفتا هەزار جولەکەی (ئەسفەهان) دوای دەججال دەکەون عەبایان بەسەر شانەوەیە.

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بنەڕەتی هەموو فیتنەو خراپەیەك لە شیعەکانەوەیە، بۆیە زۆربەی شمشێرەکانیان کە هەڵئەکێشن (لەدژی مسوڵمانان) لەلایەن ئەوانەوەیە، هەر لەناو ئەوانیشەوە زەندیقەکان خۆ ئەپارێزن ( ۹).

هەروەها دەڵێت: ئەوان پشتگیری تەواوی دوژمنانی ئیسلام دەکەن، دژایەتی باشترینی دینداران و خواناسان دەکەن، هەر ئەوانیش هۆکاری بنەڕەتی بوونە لە کۆنیش و نوێشەوە بۆ داگیرکردنی بەیتولمەقدیس لەلایەن خاچپەرستە گاورەکانەوە(۱۰) .

هەروەها دەڵێت: بەم شێوە ئەگەر جوولەکەکان ولێتیان لە عێراق یان لەهەر شوێکی دیکە داهەبوو، ئەوە رافیزەکان دەبن بەگەورەترین پشتیوانیان، بۆیە بەردەوام پشتگیری لە بێباوەڕە موشریکەکان و جوولەکەو دیانەکان دەکەن، وە پشتگیریان دەکەن لەشەڕکردن و دوژمنایەتیکردنی مسوڵمانانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ( ۱۱ ).

### ----- خاڵە لێکچووەکانی رافیزەو گاورەکان ------

(۱) گاورەکان لە بری خوا مەلاو ڕەبەنەکانی خۆیان کرد بەخواو "عیسای کوڕی مەریەم"یان کرد بە کوڕی خوا. پاشان ڕووداوی خاچیان کردە پەرچەمی ستەملێکراوەیی "عیسا" بەجۆرێك بێدەسەلێت و دەستەوەسانیان هێنایە بەر زەین و بەرچاوان! شیعە ڕافیزەکانیش بەهەمان شێوە، هەڵسان بەجۆرێ پلەو بالێی "عەلی"یان بەرزکردەوە بەرزتر لە پلەو مەقامی پێغەمبەر!! وە پێیان وایە کە ئەگەر "عەلی" نەبوایە ئیسلام بە دونیا نەئەناسرا، کەچی لەوسەر بەکەسێکی دەستەوسان و هیچلەدەست نەهاتوویان خستە بەر زەین و بەرچاوان کە نەتوانێت ناڕەزایی لەئاست ئەو مونەکەرانەی کە ئەیبنی بەخیلافی ئەقیدەو ویژدانی خۆیەوە دەربرێت!! بەجۆرێك خستیانە روو کە دەرەقەتی هەموو ریسواییەك بگرێت بەبێ ئەوە بتوانێ بەرگری لەخۆی و دەسەلێتەکەی بکات. "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" دەڵێت: ئەو رافیزانە دووشتی دژبەیەکیان بەهۆی جەهل و دەبەنگی خۆیانەوە لەدەرهەق عەلی کۆکردەوە، لەلایەك پێیان وایە کە "عەلی" لەهەمووکەس بەتواناترو ئازاترە، تاوایان لێکرد کە پێیان وابێت لەبری پێغەمبەر ئەو هەڵساوە دینی بەرپاکردووەو جێگیری کردووە، بەجۆرێك کە ئەگەر "عەلی" نەبوایە پێغەمبەر چکارەو هیچ لەدەستنەهاتوو بوو، ئەو پێویستی بە "عەلی" بوو نەك "عەلی" پێویستی بەم بووبێت!! کەچی لەلایەکی ترەوە بە بێدەسەلێتترین و دەستەوسانترین کەس وەسفی دەکەن لەدوای بلێوبوونەوەی ئیسلام و هێزەکەی، بەجۆرێك کە نەیتوانیوە بەسەر ئەو تاقمەی کەلێی هەڵگەڕاونەتەوە زاڵ ببێت. خۆ ئاشکرایە ئەگەر پێش سەرهەڵدان و بلێوبوونەوەی ئیسلام هێندە بەهێزو توانابووە بەجۆرێ کە ئەگەر ئەو نەبوایە

پێغەمبەر سەرنەدەکەوت، بەتەئکید دوای سەرکەوتنی دەبێت بەهێزتر بێت نەك هێزو مێزی نەمێنێ!!!

(۲) جوولەکەکان و گاورەکان مارەیی نادەن بە ئافرەتانیان، شیعە رافیزەکانیش بەهەمان شێوە. بەڵکوو لە جێی ئەوە هاوسەرگیری میتعە لەگەڵ ئافرەتانیان ئەکەن.

**----------جوولەکەو دیانەکان بەچەند خەسڵەتێك لە شیعە رافیزییەکان باشترن -------**

پرسیاریان لە جوولەکە کرد کێ لە میللەتی ئێوە باشترینیانە؟ گوتیان: "هاوڕێیانی مووسا"، پرسیاریان لە دیانەکان کرد کێ باشترینی گەل و میللەتی ئێوەیە؟ گوتیان "حەوارییەکانی عیسا"، پرسیاریان لە شیعەکان کرد کێ خرابترینی گەل و میللەتی ئێوەیە؟ گوتیان یارانی موحەممەد!!! بەراستی ئەو رافیزانە ئەو ئایەتەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت کە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيباً مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً * أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللّهُ وَمَن يَلْعَنِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا﴾ [النساء: ٥١-٥٢]. واتە: ئایا نەتڕوانیوەتە ئەوانەی کە بەشێك لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە (کەچی لەگەڵ ئەوەشدا) باوەڕیان بەفاڵچی و جادووگەرو بت و پەیکەرو شەیتان و ... هەیە و دەربارەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن دەڵێن: ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە، تا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان (بەئاینی ئیسلام هێناوە). ئەو (جوولەکانە) کەسانێکن خوا نەفرینی لێکردوون، کەسێکیش خوا نەفرینی لێ بکات، ئەوە هەرگیز هیچ کەست دەست ناکەوێت بیکەیتە پشتیوانی.

لەخوای گەورە دواکارم ئەوانەی کە بوونەتە پەرچ و لەمپەر لەبەردەم ئیسلام و مسوڵمانان،، ئەوانەی کە ناحەزن بە یارانی پێغەمبەر و شوێنکەوتوانیان، خوایە بیانسوتێنی ڕوویان ڕەش کەیت، جەستەیان لەت لەت کەیت و بە دەرکەوتنی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و شوێنکەوتوانی ڕاستەقینەی پێغەمبەر و یارو یارانی، وەك چۆن دڵیان کوێر بووە چاویشیان کوێر کەیت. ئامین.

---

( ۱ ) مەبەست رافیزەکانە، هەروەك "شێخولئیسلام" دەڵێت: چونکە رافیزییەکان گوتویانە: (إنا لا نقاتل بالسيف إلا مع إمام معصوم) یانی ئێمە بە شمشێر شەڕ ناکەین تەنها لەگەڵ ئیمامی مەعسووم نەبێت، بۆیە پێیان دەڵێن: خەشەبییەکان، واتە: ئەوانەی کە بەدار شەڕ دەکەن. (منهاج السنة) (۱/۳٦)

( ۲ ) معجم ابن الأعرابي

( ۳ ) سنن ابن ماجه عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ (رَضيَ اللَّهُ عَنْهُ).

( ٤ ) وثائق السعدي"۲"رقم الوثيقة ۱۰

( ٥ ) الكافي: ۲/۱۷٦

( ٦ ) رواه أبو داود، عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه)، صححه الالباني في كتاب الجنائز

( ٧ ) حديث رقم: ٥١٠٦ في صحيح الجامع

( ٨ ) رواه مسلم

( ٩ ) منهاج السنة صفحة ٢٤٣/٣

( ١٠ ) منهاج السنة ٤ ١١٠

( ١١ ) منهاج السنة ٣ ٣٧٨

سەرچاوە:

(١) (منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية) شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله

(٢) الجهاد هو الحل وهو ذروة سنام الإسلام : فجر الصادق.

(٣) هەندێك لە سایتەكانی تر.

IslamHouse.com